## ملوانكەیەک دڵەراوكێ ناهێڵێ

لە سەردەمی تەكنەلۆژیای نوێدا، وەك زۆر جاری دیكەش ئاماژەم پێكردووە، هەموو ئامێرێك چ بچووك چ گەورە، تەنیا ئەركێك ئەنجام نادا، بۆ نموونە ملوانكە و بازن و گوستیلە..تاد هەر بۆ جوانی و رازاندنەوە نین، بەڵكو ئەركی دیكەش ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە ملوانكەی BellabeatLeaf كە جگە لەوەی سیستەمی GPS تێدایە و دەزاندرێت بەكارهێنەرەكەی لە كوێیە. چاودێری تەندروستی بەكارهێنەرەكەیشی دەكات، وەك چۆنییەتی خەوتن و بوونی دڵەراوكێ لە بەكارهێنەرەكەیدا.

ملوانكەكە لە بەردێكی گرانبایی دروستكراوە، بەردێك كە بە ئەڵماسی چیا ناسراوە. چوارچێوەكەشی لە دار و پۆڵای دژە ژەنگ دروستكراوە. لەناو بەردەكەدا سیستەمێكی دیجیتاڵی هەیە كە لەگەڵ موبایلی ئایفۆن پەیوەند دەدرێت، ئەگەر بەكارهێنەرەكەی تووشی دڵەراوكێ و نیگەرانی بوو ئاگاداری دەكاتەوە و راهێنانی باشتر هەناسەدان و ئارامی بەخشینی فێر دەكات.



## كاتژمێرێكی زیرەک لە بەرگی كلاسیكدا

كاتژمێرە زیرەكەكان هەرچەندە بەتەواوی گشتگیر نەبوونە، بەڵام رۆژێكدادێت شوێنی خۆیان بەتەواوی دەكەنەوە، كاتژمێرە كلاسیكیەكان نامێنن، گەرچی هێشتاش رێژەی ئەوانەی كاتژمێری كلاسیك بەكار دێنن زیاترە لەوانەی كاتژمێری سمارت بەكار دێنن. بۆیە كۆمپانیایەكی فەرەنسی نوێترین كاتژمێری زیرەكی خۆی كە بە جۆری Steel HR Sport ناسراوە، بەرهەم هێنا. كاتژمێرێك هەموو ئەركێكی كاتژمێری زیرەك ئەنجام دەدات، بەڵام ستایلەكەی وەك كاتژمێرێكی كلاسیك دەچێت.

تایبەتمەندییەكانی وەك GPS، هەستەوەری دیاریكردنی رێژەی ئوكسیژن، هەستەوەری لێدانی دڵ، توانای نیشاندانی ئاگاداركردنەوەی زەنگ موبایل و كورتە پەیام.. خودی كاتژمێرەكە ئەپێكی تایبەتی تێدایە كە دەتوانێت سەد ئاگاداركردنەوەی ئەپەكان رابگەیەنێ، وەك كاتەكانی رۆیشتنی فرۆكە، هەواڵەكان، پەیامی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان. كاتژمێرەكە دوو رەنگی رەش و سپی هەیە.





## رۆبۆتێک وەک پەرستارێکی نەخۆشخانە

جیهانی رۆبۆتەكان وردە وردە لە واقیع نزیك دەبێتەوە. بەڵام دەبنە بەڵا و كێشە بۆ مرۆڤایەتی یان لە خزمەت مرۆڤایەتی دادەبن، ئەمە داهاتوو وەڵام دەداتەوە. لەم دواییەدا لە ژاپۆن رۆبۆتێك بەرهەم هاتووە كە بە جۆری moxi ناسراوە. (مۆكسی) لە نەخۆشخانەكاندا كار دەكات و وەك پەرستارێكی خزمەتگوزار و كات ناس ئەركەكانی ئەنجام دەدات، ماندوو نابێ، خەویشی نایە! لە خزمەت نەخۆشەكاندایە، ئەگەر یەكێك لە تەختەكەی كەوتە خوار دەیباتەوە سەر جێگایەكەی خۆی، لەكات و ساتی خۆیدا دەرمان دەداتە نەخۆشەكان. زانیاری سەبارەت بە نەخۆشەكان لەسەر شاشەكەی (سەری) نیشان دەدات و دكتۆرەكان ئاگادار دەكاتەوە.




# نوێترین کامێرا ئەکشنەکانی هێرۆ

کۆمپانیای gopro کە چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی کامێراکانی جوڵەدار واتە ئەکشن چڕکردۆتەوە و زنجیرە کامێراکانی بەناوی هێرۆ hero ناسراون، لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای ئەکشنی خۆی بەناوی hero7 خستەڕوو. کامێراکە لە سێ ڕەنگ دایە و بە سێ ستایل و توانای لێکجیاوازیش.

ڕەنگی ڕەشی کامێراکە کە بە جۆری gopro hero7 black ناسراوە، لەناو ئەم سێ کامێرایەی ئاماژەمان پێدان بەهێزترینانە. توانای هەیە بە کوالیتی k4 فیلم بگرێ. تایبەتمەندییەکی بەهێزی کامێراکە ئەوەیە کە سیستەمێکی نوێی تێدایە بەناوی HyperSmooth بەهۆیەوە دەکرێت ڤیدیۆکان لەکاتی جوڵەش دا بە بێ گرفت بگرێت و بەبێ ئەوەی جوڵەکردنەکە کاریگەری لەسەر دابنێت. هەستەوەری کامێراکە ١٢ میگاپیکسلە. دەتوانێت بە فۆرماتی RAW و EPS وێنە بگرێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کامێراکە ئەوەیە کە دەتوانێت هەرلەوکاتەدا فیلم هەڵدەگرێەوە هەر ئەوکاتە و دەستبەجێ فیلمەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئینستاگرام و فەیسبوك بڵاوبکەیەوە.

شاشەی کامێراکە ٢ ئینجە و خودی کامێراکە بچووکە و لە پەنجەی دەستدا جێگای دەبێتەوە، دەکرێت لە ئامێرەکانی جوڵەدار وەك ئۆتۆمبیل و پایسکلیش دابندرێت و لەکاتی ڕۆیشتندا بەبێ ئەوەی فیلمەکە تێك بچێت، ڤیدیۆ تۆمار بکات.

هێرۆ٧ لە قوڵایی ده مەتر لە ژێرئاودا بەباشی کار دەکات. سیستەمی وای-فا و بلوتوسی هەیە.

## لە هەر شوێنێک بی بێ ئینتەرنێتت نابێ!

ئەم وێنەیەی لێرەدا دەیبینن، سەری بتڵی بیبسی نییە! ئەمە دابینکەری ئینتەرنێتە لە هەر شوێنێك لە جیهان بی.

هێڵی ئینتەرنێت بۆتە بەشێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بەڵام ئەگەر ماوەیەك گەشت بکەی بۆ شوێنێکی دووره دەست، یان چیا یان دارستانێك کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت نایگرێتەوە، یان دەچی بۆ وڵاتێك کە هەتا شارەزای هێڵی ئینتەرنێتی ئەوێ دەبێ ماوەیەك دەخایەنێ. ئەم بازنە نارنجیەی کە لەوێنەکەدا دەیبینن لە هەر شوێنێك لە جیهان بێ ئینتەرنێتت بۆ دابین دەکات.

ئەم بازنە بە Skyroam Solis ناسراوە، ئەمە وای-فایەکی جیهانییە. هێڵی ئینتەرنێتەکەی خێرایە، بەڵام زۆر گرانە، وەك موبایلی سورەیا دەچێت کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەکە لە مانگی دەستکردەوە وەردەگرێت و پێنج ئامێریش دەتوانن سوودی لێوەربگرن.







# مۆنیتۆرێکی نوێ بۆ گرافیک و نەخشەسازی

لە ئەرك و كاری نەخشەسازی و گرافیكدا، شاشە هەتا گەورەتر بێت، بەكارهێنەر باشتر دەتوانێ ئەركەكانی ئەنجام بدات و وردبینی زیاتری تێدا دەكات، بەڵام كێشەیەك لە مۆنیتۆرە مەزنەكاندا ئەوەیە كە شوێنێكی زۆر داگیر دەكەن و كێبڵی كارەبا و ئەو وایەرانەی پێوەی پەیوەند دەدرێن دیمەنی سەر مێزەكە بە جوانی دەرناخەن. سامسۆنگ بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لەم دواییەدا مۆنیتۆرێكی نوێی بەرهەم هێناوە كە بەهۆی باسكێكەوە لە لێواری مێز دەخرێت و جوڵەی پێدەكرێت، هەركاتێكیش بەكارهێنەر كاری پێی نەما دەكرێت مۆنیتۆرەكە پاڵ بە دیوارەوە بدرێت.

مۆنیتۆری ئاماژە پێكراو بە جۆری space monitor ناسراوە، دوو ڤێرژنی هەیە، یەكێكیان ٢٧ ئینجییە و بە كوالیتی QHD و ئەوەی دیكەیان ٣٢ ئینجییە بە كوالیتی K UHD. مۆنتیۆرێكی وا بەهێز زیاتر بۆ كاروباری گرافیك و نەخشەسازییە و بەكارهێنەرانیشی، ئەندازیاران و نەخشەسازان و ئەوانەی كاری سینەمایی دەكەن.

# کیبۆردێک بە ویستی بەکارهێنەر دوگمەکانی دەگۆڕدرێن

كیبۆرد گرنگترین پارچەی یا بەشی كۆمپیوتەرە، ئەگەرچی وەك ئامێری لاوەكی كۆمپیوتەر سەیر دەكرێت، بەڵام بەبێ ئەو ئامێرە ناكرێت سوود لە كۆمپیوتەر وەربگرین..

كیبۆردەكان توانا و قەوارە و ستایلی جیاوازیان هەیە، هەندێك لە كیبۆردەكان تەنیا بۆ ئەركێكی تایبەتی دروست دەكرێن و هەندێكیشیان وەك جۆكەر وان و گشت كارەكان ئەنجام دەدەن.

لەم سەرەتای ساڵی ٢٠١٩دا كیبۆردی جۆری SteelSeries Shift Keyboard بەرهەم هات، كیبۆردێك كە لەراستیدا تایبەت بە گەیمە، بەڵام بۆ هەموو ئەركێكی دیكەش دەبێت، جیاوازی ئەم كیبۆردە لەگەڵ كیبۆردەكانی دیكە لەوەدایە كە دوگمەكانی بە ویستی بەكارهێنەر دەگۆڕدرێن.. بە ئاسانی گشت دوگمەكان لەو چوارچێوەیەی كە تێیدا دەردەهێندرێن، بەكارهێنەر دەتوانێ بەپێی پەنجەكانی خۆی ڕێكیان بخات و بەرزی و نەوی دوگمەكان بكات، جگە لەوەش كیبۆردەكە بۆ چەندین كەس دەكرێت پرۆگرامی بۆ دابندرێت، واتە هەر كەسە و بە ویستی خۆی كیبۆردەكە دابنێت و بەهۆی پرۆگرامێك دەستكاری بكات..

هەركام لە دوگمەكان دەكرێت ئەرك و فەرمانی دیاریكراویان پێ بسپێردرێ، هەر دوگمەیەك دەكرێت لە یەك كاتدا چوار فەرمانی پێ بسپێردرێ..






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت (crack) کراك چییە و بۆ چ مەبەستێك بەکار دێتت؟**

خوێنەری بەڕێز واتای وشەی (crack) بەمانای دزینی پرۆگرامی كۆمپیوتەر دێت، وەرگرتنی پرۆگرامێك دوور لە ڕێگای یاسایی.

كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی پرۆگرام، یان پرۆگرامنووسان كاتێك پرۆگرامێك بەرهەم دێنن، بۆ ئەوەی كە كۆپی نەكرێت و نەدزرێت، كۆدێكی تایبەتی لەسەردادەنێن، بۆ ئەوەی نەتوانی لە هەموو تایبەتمەندییەكانی پرۆگرامێك سوود وەربگری. هەندێك پرۆگرام كۆدەكە بۆ ماوەی مانگێك یا حەوتوویەك بە كراوەیی دەهڵێتەوە بۆ تاقیكردنەوەی پرۆگرامەكە. دوای ئەو ماوەیە ئیدی ناتوانی سوودی لێوەربگری.. ئەوانەی كاری (crack) دەكەن، ئەو كۆدە دەكەنەوە و وا دەكەن هەموو كەس بەبێ ئەوەی پارەیەك بداتت سوودی لێوەربگرێت. ئەو كارە لەراستیدا دزییە لە بەرهەمی ماندووبوونی ئەوانەی پرۆگرام بەرهەم دێنن، ئەگەر (كراك) نەبا، دەبا پرۆگرامێكت بە نرخێكی زۆر كڕیبا..



# کاتژمێرێکی سمارت لۆکس و سەرنج ڕاکێش

سەردەم سەردەمی کاتژمێرە سمارتەکانە، هەرچەندە لەو هەرێمەی ئێمەدا هێشتا کاتژمێری سمارت نەبۆتە باو، بەڵام کۆمپانیاکان هەروا لە رکابەریدان بۆ بەرهەمهێنانی نوێترین کاتژمێرە زیرکەکان. کۆمپانیای لۆیی ڤیتۆن نوێترین کاتژمێری هۆشمەندی خۆی بەناوی LV Tambour Horizon خستەڕوو.

کاتژمێرەکە دیزاینێکی سەرنج راکێش و گەنج پەسەندی هەیە، بازنەیەکی نوێی ٢٤ کاتژمێری بەدەوری دایە کە هێماکانی شەو و ڕۆژ بە باشی دەبیندرێن، وەك گشت زۆربەی کاتژمێرەکان زیاتر بۆ بواری تەندروستی و جوڵەی لەش سوودی لێوەردەگیردرێت و بۆیە لێدانی دڵ و ژماردنی هەنگاوەکان لەسەر شاشەکەی دەردەکەون. کێشەی گەورەی کاتژمێرەکە ئەوەیە کە ماوەی ڕاگرتنی شەحنی کەمە ئەگەر ڕۆژانە سوودی لێوەربگیردرێت تەنیا یەك ڕۆژ دەخایەنێت و ئەگەر تەنیا وەك کاتژمێر سوودی لێببیندرێن هەتا ٥ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.



## ماڵپەڕێک بۆ نووسینی دەقی سەرنج ڕاکێش

زۆرجاران نیازت هەیە بە یەکێك لە پرۆگرامەکانی فۆتۆشۆپ یا ۆرد یا هەر پرۆگرامێکی دیکە دەقێکی جوان بنووسی، بەڵام فۆنتێکی سەرنج راکێش لەسەر مۆبایلەکەتدا نییە. ئەگەر فۆنتێکیش دابەزێنی نازانی ستایلی فۆنتەکەی چۆنە.. بۆ ئەوەی بەبێ گرفت دەقی جوان بنووسی، ماڵپەری Coolsymbol بەکار بێنە. لەو ماڵپەڕەدا سەرەڕای بوونی سەدان فۆنتی سەرنج راکێش و دەتوانی دایان بەزێنی و لە پرۆگرامەکانی تایبەت بەخۆت بەکاریان بێنی. بۆ نموونە فۆنتی تایبەت بە تاتۆ، خۆشنووسی، دەستخەت و چەندین جۆری فۆنتی دیکەی تێدایە.

کاتتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە چەندین پێش نیشاندانی فۆنتی سەرنج راکێش دەبینی و دەتوانی تاقیان بکەیەوە. دیارە ئەو فۆنتانەی ئاماژەیان پێدەکەین هەموویان تایبەتن بە فۆنتی لاتینی...




## کۆمپیوتەری گیرفانی جێگەی لاپتۆپ دەگرێتەوە

بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرە بچووکەکان واتە ئەوانەی قەوارەیان هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت و لە گیرفاندا جێگایان دەبێتەوە، دەستپێکێکە بۆ ئەوەی شۆڕشێك لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لە ئارادایە کە نیاز هەیە کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپیش نەهێڵێت..

لەم دواییەدا کۆمپانیای زیتاك کۆمپیوتەرێکی گیرفانی بەناوی zotac PI255-GK بەرهەم هێناوە، کۆمپیوتەرە بچووکەکە لە زۆر لە مۆبایلە هۆشمەندەکان کێشی کەمترە و قەوارەی بچووکتر، سیستەمی ویندۆز١٠ و سیستەمەکانی لینۆکس و GNUشی لەسەر دادەندرێت. پرۆسیسەرەکەی لە جۆری Intel UHD600ە. گرنگترین بەشی ئەوەیە کە دەکرێت کاری ئیدیتی فیلم بە کوالیتی K4ی پێبکرێت.

رامی کۆمپیوتەرەکە ٤ گیگایە و میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە، دەکرێت وەك مۆبایلە هۆشمەندەکان میمۆری بچووکیشی بۆ دابندرێت، جگە لەوەش گشت تایبەتمەندییەکی کۆمپیوتەرە مەزنەکانی هەیە.